# ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا لە بەبازارکردنی گەشتیاری لای مامۆستایانی بنەڕەتی لە پارێزگای سلێمانی

د. عومەر ئەحمەد ڕەمەزان          د. ڕێبەر گۆران مستەفا

زانکۆی سلێمانی

سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان

بەشی ڕاگەیاندن

**پێشەکی:**

سۆشیاڵ میدیا لەکۆمەڵێك تۆڕ پێکهاتوە کەلەگەڵ نەوەی دووەمی ئینتەرنێتدا سەریان هەڵداوە، کەلەنێویاندا توێژەران؛ (ماڵپەڕەکانی هەواڵ وتۆڕەکانی گەیاندنی کۆمەڵایەتی وتۆڕەکانی ڤیدیۆ و بلۆگەر وئینستگرام) یان هەڵبژاردوە، چونکە ئەم تۆڕانە خزمەتگوزاریی بلاوکردنەوەی تێکست وفۆتۆ وڤیدیۆ لەلایەك، کردنەوەی لاپەڕەی فەرمی وناردن و وەرگرتنی نامە وکۆمێنت وریکلام وبەبازارکردن لەلایەکی دی بۆ بەکارهێنەرانی فەراهەم دەکات، بەجۆرێك ئەم میدیا نوێیە توانیویەتی ژمارەیەکی زۆر لەبەکارهێنەر بۆ خۆی ڕابکێشێت، هەروەها چالاکانە لەگەڵ کۆمپانیا گەشتیاریەکاندا پێکیانەوە گرێ بدات، بەجۆرێك کەبگاتە ئەوەی بەکارهێنەران ئەو بابەتانەی کۆمپانیاکان بلاوی دەکەنەوە وەریبگرن، هەڵیبسەنگێنن، وەڵامی بدەنەوە، لەسۆنگەی ئەوەی بەکارهێنەران لەرێی کۆمپیوتەر وتەلەفۆنی زیرەك وئای پاد، بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەکۆمپانیا گەشیاریەکانەوە گرێدەدرێن.

**بەشی یەکەم: میتۆدنامە**

**کێشەی توێژینەوەکە:**

بەهۆی بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت لەبواری پەیوەندیکردن ومیدیا، هەروەها ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر میدیای کلاسیکدا هات لەروی خۆ نوێکردنەوە لەشێوە وناوەڕۆك دا، کۆمەڵێك میدیای نوێ سەریان هەڵدا، لەوانە سۆشیاڵ میدیا کە لەگەڵ سەرهەڵدانی نەوەی دوەمی ئینەتەرنێتدا دەرکەوتن، خۆیان لەکۆمەڵێك تۆڕی جیاجیادا دەبیننەوەو تێکڕایان خزمەتگوزاری تێکست وفۆتۆ وڤیدیۆ پێشکەش بەبەکارهێنەرانیان دەکەن، ئەو خزمەتگوزاریانە بابەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی وئابوری وڕۆشنبیری وگەشتیاری لەخۆدەگرێت، ئەو لایەنانەی پشت بەو تۆڕانە دەبەستن، دەتوانن بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بەکاریان بهێنن، تا کاریگەری زیاتر و زۆرتر لەسەر جەماوەر دابنێن لەبوارێکی دیاریکراودا.

لێرەدا مەبەست لەبەکارهێنانی ئەو میدیا کۆمەڵایەتیە دیاریکراوانەی توێژینەوەکەن کەلەلایەن کۆمپانیا گەشتیاریە کوردیەکانەوە بۆ بە بازارکردنی گەشتیاری بەتایبەت (ناساندن) ی پاکێج بەکاردەهێنرێن وپشتیان پێدەبەسترێ بۆ ڕیکلام پێکردنیان بەمەبەستی پەیداکردنی بەشداربوو لەخزمەتگوزاریە گەشتیاریەکاندا، بۆیە توێژەران لەناو چین وتوێژە جیاجیاکانی کۆمەڵی کوردستاندا مامۆستای بنەڕەتییان وەك توێژێکی زیندووی

کۆمەڵ لەباشوری کوردستان - پارێزگای سلێمانی هەڵبژاردووە تابگەن بەکۆمەڵێك دەرەنجامی زانستی پەیوەست بەپرسیار وئامانجی توێژینەوەکە، لێرەوە توێژەران هەوڵ دەدەن بۆ زانین ودەرخستنی ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا لە بە بازارکردنی گەشتیاری لای سامپڵی توێژینەوەکە، هەر بۆیە کێشەی توێژینەوەکەش بەرجەستە دەبێت لەپرسیارێکی سەرەکیدا: ئایا سۆشیاڵ میدیا ڕۆڵی هەیە لەبەبازارکردنی گەشتیاری لای مامۆستایانی بنەڕەتی لەپارێزگای سلێمانی؟، لەسۆنگەی ئەم پرسیارەوە چەند پرسیارێکی لاوەکیش سەر هەڵئەدەن:

١ ئایا سامپڵی توێژینەوەکە سۆشیاڵ میدیا بەکاردەهێنن؟

٢ ئایا سۆشیاڵ میدیا بابەتی گەشتیاری بڵاودەکاتەوە؟

٣ مامۆستایان تاچەند بەئاگان سەبارەت بەپەیامە میدیاییەکانی کۆمپانیا گەشتیاریەکان و گرنگی پێدەدەن؟

**گرنگی توێژینەوەکە:**

بەیەکێك لەتوێژینەوە نوێکان دادەنرێت کەپەیوەستە بەڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا بۆ بەبازارکردنی گەشتیاری لەلایەك، زانینی ئاستی گرنگیدانی مامۆستایانی بنەڕەتی لەبڵاوکراوە میدیاییەکانی کۆمپانیا گەشتیاریەکان دەربارەی خزمەتگوزاریە گەشتیاریەکانیان لەلایەکی دی، هەروەها دیاریکردن وزانینی ئاستی گرنگیدانی (مامۆستایانی بنەڕەتی) بەسۆشیاڵ میدیا.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

١. زانینی ئاستی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا.

٢. گەیشتن بەو بابەتە گەشتیاریانەی کە سۆشیاڵ میدیا بڵاویان دەکاتەوە.

٣. دیاریکردنی ئاستی بەئاگایی مامۆستایانی بنەرەتی سەبارەت بەپەیامی میدیایی کۆمپانیا گەشتیاریەکان لەسەر سۆشیاڵ میدیا.

**گریمانەکانی توێژینەوەکە:**

١. ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا و بەبازارکردنی گەشتیاری لای مامۆستایانی بنەڕەت لەپارێزگای سلێمانی هەیە.

٢. جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوە لەبەبازارکردنی گەشتیاری هەیە بەپێی: (توخم، تەمەن، بڕوانامە، پسپۆڕی، داهاتی مانگانە).

**جۆر ومیتۆدی توێژینەوەکە:**

جۆری ئەم توێژینەوەیە وەسفی یە، پشت بەمیتۆدی ڕووپێویی دەبەستێت بۆ شیکردنەوەی چەندێتی سامپڵێك لەمامۆستایانی بنەڕەتی سەبارەت بەگەشتن بەئامانجی توێژینەوەکە.

**کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵی توێژینەوە خۆی لەتێکڕای تاکەکانی مامۆستایانی بنەڕەتی دەبینێتەوە لەقەزای ناوەندی پارێزگای سلێمانی، وەڵ توێژەران سامپڵی هەڕەمەکی توێژییان هەڵبژاردوە بەرێژەی لە(١٠٪) ی کۆی گشتی تاکەکانی کۆمەڵی توێژینەوە کە ژمارەیان (١٦٩٨٧)[1] مامۆستایە لەقەزای مەڵبەندی سلێمانی کەدەکاتە(١٧٠) مامۆستا بەپێی تایبەتمەندی دیموگرافی: (توخم – تەمەن – بڕوانامە - پسپۆڕی – داهاتی مانگانە).

(1) توێژەران پشتیان بەئاماری فەرمی بەشی کارگێری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانی بەستوە.

**ئامرازی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەویەدا فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێنراوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی پرسیارەکانی توێژینەوە و شیکردنەوەی داتاکان کە نمایشی وەڵامدانەوەی سامپڵی توێژینەوە دەکەن.

**ڕاستی توێژینەوەکە:**

توێژەران کاریان لەسەر ڕاستی ڕواڵەت کردوە بۆ ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری، بەو پێیەی پاش گەڵاڵەکردنی فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەی سەرەتایی، فۆرمەکە دراوەتە چەند پسپۆڕێك لەبواری میدیا بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی [٢]، کەپاش تۆمارکردنی تێبینیەکان؛ هاوکێشەی ڕاستی توێژینەوە = برگە ڕاستەکان (٣٨)/کۆی ئەگەرەکان (٤٢)×١٠٠= (٩٠.٥٪)، کەئەم ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ بەرزی ڕاستی توێژینەوە.

**جێگیری توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە پشتی بەجێگیری ناوخۆیی بەستوە بۆداتاکانی توێژینەوە بەبەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری ئەلفاکرونباخ بۆ پرسیارە تەرتیبیەکانی فۆرمی ڕاپرسی کەلەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕونکراوەتەوە:

| خشتەی (١) | | |
|---|---|---|
| برگە | ژمارەی ئەگەرەکان | پێوانەی جێگیری توێژینەوە |
| ئاستی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا | ٥ | ٠.٩٧٨ |
| ئاراستەی سامپڵی توێژینەوە دەربارەی سۆشیاڵ میدیاوبەبازارکردنی گەشتیاری | ٥ | ٠.٩٧٥ |
| ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیالەبەبازارکردنی گەشتیاری | ٤ | ٠.٩٦٤ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١) دەردەکەوێت کەجێگیری توێژینەوە لەنێوان (٠.٩٦٤ – ٠.٩٧٨) دایە کەئاماژەیە بۆ پلەی بەرزی پێوانەی جێگیری بۆ پرسیارە تەرتیبیەکانی فۆرمی ڕاپرسی.

**کەرەستە ئامارییە بەکارهاتوەکانی توێژینەوەکە:**

توێژەران بۆ شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوە ئاماری وەسفی بەشێوازی (Non parametric) یان بەکار هێناوە، بەپشت بەستن بەپرۆگرامی(SPSS - Statistical package for Social Science)، وەك ئەمانەی لای خوارەوە:

١- ڕێژەیی سەدی $\frac{\text{بەش} \times 100}{\text{گشتی کۆی}}$

٢- ناوەندە ژمێرەیی س= $\frac{\text{مجـ س}}{\text{ن}}$

---

([٢]) لیستی ناوی پسپۆران:

أ. د.هیمن مجید حسن - بەشی ڕاگەیاندن – سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان – زانکۆی سلێمانی.

ب. د.ئیبراهیم سەعید فتح الله - بەشی ڕاگەیاندن – سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان – زانکۆی سلێمانی.

ت. د.ابتسام اسماعیل قادر - بەشی ڕاگەیاندن – سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان – زانکۆی سلێمانی.

٣- لادانی پێوەریی ع = $\sqrt{\frac{\text{مجـ}(\text{ح}^2\text{ك})}{\text{مجـ ك}}}$

٤- هاوکێشەیی پەیوەستی سپێرمان براون: $\frac{6\times\text{مج ف}^2}{\text{ن}(\text{ن}^2-1)}$

٥- تاقیکردنـــــــەوەی مـــــــان ویـــــــتنی (Mann – Whitney - Test):

$$U = NM + \frac{N(N+1)}{2} - \sum_{x_i} Rank(x_i)$$

٦- تاقیکردنەوەی کروسکال والیس (Kruscel Wallis)

$$H = \frac{12}{N(N+1)}\left(\frac{R_1^2}{n_1}+\frac{R_2^2}{n_2}+\cdots+\frac{R_k^2}{n_k}\right)-3(N+1)$$

**پێناسەی زاراوەکانی توێژینەوەکە:**

١. سۆشیاڵ میدیا: بریتین لەکۆمەڵێك ماڵپەر لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرێت، کەکۆمپانیا گەشتیاریەکان دەتوانن لەڕێگەی دانانی ماڵپەرێك یان کردنـەوەی لاپـەڕەی فـەرمی یـان ڕیکلامکـردن سـوود وەربگـرن لەچـەندین خزمەتگوزاری جۆراوجۆری ئەم تۆڕانە، وەك: (بڵاوکردنەوەی خزمەتگوزاری گەشتیاری بەشێوەی تێکست وفۆتۆ وڤیدیۆ بەمەبەستی بەبازارکردنی گەشتیاری).

٢. بـەبازارکردنی گەشـتیاری: مەبەسـت لەناسـاندن وڕیکلامکردنـە بـۆ خزمـەتگوزاری گەشـتیاری کەلەلایـەن کۆمپانیا گەشتیاریە کوردیەکانەوە لەسەر سۆشیاڵ میدیا بڵاو دەکرێتـەوە بەمەبەسـتی ڕاکێشـانی سـەرنجی گەشتیاری ناوخۆیی وبیانی بۆ بەشداریکردن وسودمەند بوون لەپاکێجە گەشتیاریەکانیان.

**بەشی دووەم: تیۆرینامە**

**یەکەم: سۆشیاڵ میدیا:**

سۆشـیاڵ میـدیا لـە دەرئـەنجامی پێشـکەوتن و گەشـەی تەکنـەلۆژیا بەتایبـەتی تەکنـەلۆژیای ئینتـەرنێت لەنــەوەدەکانی ســەدەی بیســتەمدا ســەریهەڵدا، کەبۆتــە ســەکۆیەکی ئــازادو بێسانســۆر بــۆ خۆناســاندن وناســینی کەسـانیتر و دەربڕینـی بـیرورا و بـەئاگابوون لەبیروبۆچـونیتر، هـەروەها بەسـتنی پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆ وخێـرا، لەگەڵ ناردنی بڕێکی زۆری داتاو زانیاری لەشێوەی نووسین، وێنە و فیلم دەسـتەبەر دەکـات بـەبڕێکی زۆر کـەمی تێچوون، لەهەمان کاتدا بەکاربـەر دەتوانێت هـەر کاتێـك بیـەوێت سـەیری بابەتـەکان بکات وپیایانـدا بچێتەوە، بـەپێی حـەزو ویسـت وتوانـای زمـانزانی خـۆی سـودیان لێببینێـت بـە مانایـەکی تـر پەنجەرەیەکـە بـۆ بینینـی روخسارەکانیتر، بەمانایەکی تـر کۆمـەڵێك کـردەی ڕێکخـراوە لەسـەر تۆڕەکـانی ئینتـەرنێت کەپشتیان بەبنـەمای تـەکنۆلۆجی نـەوەی دووەمـی ئینتـەرنێت بەسـتوە، ڕێگـە بـە بەکارهێنـەرانی دەدات بـۆ بڵاوکردنـەوە وئـاڵوگۆڕی

زانیاری وهەواڵ و ڕوداو وبیروڕا وگەیشتن وبەئاگابون بەخزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان بەشێوەی (تێکست و فۆتۆ وڤیدیۆ). [٣]

سۆشیاڵ میدیا نمایشی کۆمەڵێك میدیا دەکات وەك: تۆڕەکانی هەواڵ؛ پێشکەشی هەواڵ وزانیاری دەکات دەربارەی بوارە سیاسی وکۆمەلآیەتی وئابوریەکان، هەروەها فەراهەمی هەلی کۆمێنت و وەلآمدانەوەیان دەدات، بەجۆرێك کە تەفاعول لەنێوان بەکاربەرانیدا دروست دەکات.

تۆڕە کۆمەلآیەتیەکان؛ ئەو تۆڕەیە کەلەلایەن کەس وکۆمەڵ وڕێکخراوە حکومی وناحکومی ودەزگا سیاسی وئابوری وڕۆشنبیری ودیکەوە بەکاردێت، کەکۆمەڵێك خزمەتگوزاری بۆ بەکارهێنەرانی فەراهەم دەکات بۆ ئاڵوگۆڕی بیرو بۆچون وبلآوکردنەوەی زانیاری وهەواڵ ووێنە وپارچە ڤیدیۆیەکان بەمەبەستی گەیشتن بەهەڵوێستێکی دیاریکراو دەربارەی دۆخێکی هاوبەشی گرنگی پێدراو، هەروەها نمایشی نوێترین وگرنگترین بابەتە گشتی وکەسیەکان بکات.

تۆڕەکانی ڤیدیۆ؛ بریتیە لەدابەزاندن وفەراهەمکردنی خزمەتگوزاری پارچە ڤیدیۆ گەر کەسی یان گشتی یان میدیایی جۆراوجۆر، کەهانی بەکارهێنەر دەدات بۆ بەرهەمهێنێکی میدیایی بەهۆی تەکنۆلۆژیای نوێی پەیوەندیکردن، وەك: کامێرای فۆتۆ وڤیدیۆ ومۆبایلی زیرەك وئایپاد. [٤]

بلۆگەر؛ ئەو تۆڕانەیە کەلەلایەن کەس وکۆمەڵ وڕێکخراوە حکومی وناحکومی ودەزگا سیاسی وئابوری وڕۆشنبیری وکلتوریەکانە بەکاردێت، کەکۆمەڵێك خزمەتگوزاری بۆ بەکارهێنەرانی فەراهەم دەکات بۆ ئاڵوگۆڕی بیرو بۆچون وبلآوکردنەوەی زانیاری وهەواڵ بەمەبەستی دروستکردنی کەشێکی تەندروست بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی دۆخێکی هاوبەشی گرنگی پێدراو، هەروەها تۆماری بابەتەکان دەکات بەپێی بەرواری بلآوکردنەوە کەخۆیان لەشێوەی تێکستدا دەبیننەوە بەشێوەی ڕیزبەندی مێژوی بلآوکردنەوەیان.

ئینستگرام؛ ئەو تۆڕەیە کەڕێگە بەبەکارهێنەرانی دەدات بۆ دابەزاندن وئاڵوگۆڕی وێنەی فۆتۆگرافی لەڕێی کۆمپیوتەر ومۆبایلی زیرەك وئایپاد.

لەڕێی ئەم میدیا کۆمەلآیەتیانەوە دەتوانرێت فەراهەمی خزمەتگوزاری گەشتیاری بکرێت بۆ بەکاربەران چ تاك بن یان کۆمەڵ، ڕێکخراوی حکومی بن یان ناحکومی، کۆمپانیای بازرگانی بن یان گەشتیاری، وەك: (هەواڵ و زانیاری و بەبازارکردن بەشێوەی تێکست و وێنە و ڤیدیۆ).

### دووەم: بەبازارکردنی گەشتیاری:

بەبازارکردنی گەشتیاری بریتیە لە: چالاکیەکی گشتگیری تەواوکار، کۆی هەوڵە بەگەڕ خراوەکان لەخۆ دەگرێت بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیارە ناوخۆیی وبیانیەکان، بۆ سەردانی ناوچە گەشتیاریە لۆکاڵی

---

([٣]) Kaplan Andreas M., Haenlein Michael. (Users of the world, unite! The challenges and opportunities of social media), (Indiana: Business Horizons, Volume ٥٣, Issue ١, January–February ٢٠١٠), p. ٦١.

([٤]) رضا عبدالجواد أمين، (استخدام الشباب الجامعي لموقع يوتيوب على شبكة الإنترنت)، (المنامة: جامعة البحرين - أبحاث المؤتمر الدولي؛ الإعلام الجديد تكنولوجيا جديدة لعالم جديد – ٧-٩ أبريل ٢٠٠٩)، ص٥١٢.

وئیقلیمی و جیهانیەکان[٥]، لێرەوە مەبەستمان لە بەبازارکردنی گەشتیاری: کردەی بەکارهێنانی سۆشیال میدیایە و گرنگیدانە بەو بوارە بەمەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان وڕاکێشانی سەرنج ودروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ بەکار هێنەر[٦].

بەبازارکردنی گەشتیاری چەند ڕەگەزێك لەخۆدەگرێت، وەك: (چالاکیەکی کارگێری وهونەریە، چونکە پلان وکات وبەرنامە وستراتیژ وسیاسەتی بۆ دادەڕێژرێت – چالاکیەکی هاوبەشە، کۆمەڵێك دەزگا وناوەندی جیاجیا کاری تێدا دەکەن – چالاکیەکی فرە ئاراستەیە، واتە لەسەر ئاستی ناوخۆ وئیقلیم وجیهاندا کاری لەسەر دەکرێت - چالاکیەکی فرە ئامانجە، لەبەر ئەوەی ئامانجی جۆراوجۆر لەناوەڕۆکدا لەخۆدەگرێت) [٧].

کۆمەڵێك تایبەتمەندی لەبەبازارکردنی گەشتیاریدا هەیە، وەك: (وروژاندنی ئارەزو وپاڵنەر وئاراستەی گەشتیار، نمایشی گەشتیاری، دەرخستنی شوێنە گەشتیاریەکان، لەبەردەست بونی ناوچە گەشتیاریەکان، تێگەیشتنی تەواو لەسەر شوێنە گەشتیاریەکان، پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەنێوان فرۆشیار وکڕیاردا هەیە) [٨].

گرنگترین ئەو ئامانجانەی کەلەبەبازارکردنی گەشتیاریدا هەیە ئەمانەن: (ئامانجی کورت خایەن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ونزیك لەنێوان ساڵ بۆ دوو ساڵ، ئامانجی درێژخایەن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ودور لەنێوان پێنج ساڵ بۆ دە ساڵ، ئامانجی جۆراوجۆر وەك: بەجێهێنانی ڕەزامەندی دەرونی وگەیشتن بەتێربونی پێداویستی وزیادکردنی جوڵەی گەشتیاری وبەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاری گەشتیاری وبەجێهێنانی بالآترین ئاستی داهاتی گەشتیاری وفراوانکردن وگەورەکردنی بازاری نوێ، ئامانجی تایبەت وەك: پاوانخوازی بازاری گەشتیاری دیاریکراو وتیشك خستنەسەر ئاستی خزمەتگوزاری گەشتیاری وداگیرکردنی بازاری گەشتیاری دیاریکراو بۆ ڕاکێشانی گەورەترین جوڵەی گەشتیاری، ئامانجی هاوبەشی نێوان کۆمەڵێك دەزگا یان کۆمپانیای گەشتیاری) [٩].

**سێیەم: سۆشیاڵ میدیا و بەبازارکردنی گەشتیاری:**

بەهۆی فەراهەمی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت وئاسانی وزۆری ڕێگای بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا، کۆمپانیا گەشتیاریەکان گرنگی بەبازارکردنی گەشتیاری دەدەن لەسەر سۆشیاڵ میدیا، کەبێگومان جگە لەکۆمەڵێك خزمەتگوزاری کە ئەم تۆڕانە بە بەکارهێنەرانی دەبەخشێت، بەبازارکردن وەك بابەتێکی دیار لەسەر ئەم میدیا کۆمەلأیەتیانە بەدەرکەوتون، لێرەدا توێژەران تیشك دەخەنە سەر مامۆستای بنەڕەتی لەپارێزگای سلێمانی کە لە ڕێی کۆمپیوتەر وئامێری تەلەفۆنی زیرەك دەتوانن سۆشیاڵ میدیابەکاربهێنن، لەڕێی بەکارهێنانی ئەو میدیا کۆمەلأیەتیەوە دەتوانن بەخزمەتگوزاری گەشتیاری کۆمپانیا گەشتیاریەکان بگەن.

---

(٥) Mozfi Al-Amyan. (Tourism Marketing Strategy Case Study: Aqaba SpecialEconomic Zone), (International Business and Management, Vol. ٦, No. ١, ٢٠١٣), pp:٤٧-٥٠.

(٦) Trattner, C., Kappe, F. (Social Stream Marketing on Facebook: A Case Study), (International Journal of Social and Humanistic Computing, ٢ (١/٢) ٢٠١٣).

(٧) محسن خضيري، (**التسويق السياحي**)، (القاهرة: مكتبة مدبولي، ١٩٩٠)، ص٧٣.

(٨) توفيق عبدالمحسن، (**التسويق**)، (القاهرة: دار النهضة للنشر والتوزيع، ٢٠٠١)، ص٥١.

(٩) صبري عبدالسميع، (أصول **التسويق السياحي**)، (القاهرة: دار الهاني للنشر، ٢٠٠٣)، ص٣٦.

بەپێی ڕاپرسیەکی جیهانی کە لەناو (٢٨.٠٠٠) کەس ئەنجام دراوە دەرکەوتوە لە(٧٠٪) بەکارهێنەران متمانەیان بە بازارکردنی ئەلیکترۆنی هەیە لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت[١٠]، لەنێویاندا سۆشیاڵ میدیا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ بەکارهێنەراندا، هەروەها ئەنجامی توێژینەوەی ( Xiang and Gretzel ٢٠١٠) کە پەیوەست بووە بەگەشت لەڕێی گوگڵەوە، (١١٪) پشتی بەسۆشیاڵ میدیابەستوە[١١]، هەروەها ئەنجامی توێژینەوەی(Walden, Carlsson, & Papageorgiou, ٢٠١١ کەپەیوەست بووە بەدابینکردنی ئوتێل (٢٧٪) لەڕێی سۆشیاڵ میدیاوە بووە[١٢]، ئینجا لەنێوان ساڵانی (٢٠١٠ بۆ ٢٠١٥) زۆرترین ودیارترین بەبازارکردن لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەرێژەی (٣٨٪) بەهۆی خزمەتگوزاری نامە وبلاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی وفایلی ڤیدیۆیی بووە کە گەشەی بە بەشداری بەکارهێنەران داوە بۆ هەماهەنگیکردن لەگەڵ کۆمپانیاکاندا[١٣]، لێرەوەیە کە سۆشیاڵ میدیا بە کاریگەرترین کەناڵ بۆ گەشتیار دادەنرێت لە رووی وەرگرتنی زانیاری وئاڵوگۆڕی شارەزایی و گەشتکردن[١٤]، لەڕاستیدا کۆمپانیای گەشتیاری سودێکی باشیان لەخزمەتگوزاری ئەم تۆڕانە وەرگرتوە وبەکاریدەهێنن بۆ "ڕێگەدان بە بەکارهێنەرانی ودروستکردنی پەیوەندیەکی کارا وڕاستەوخۆ لە گەڵیاندا بەمەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە گەشتیاریەکان[١٥]". "بەو پێیەی ئەم میدیاکۆمەڵایەتیە لەلایەن کۆمپانیا گەشتیاریەکانەوە بەرێژەی (٧٦٪) بەکار دێت وقازانجی زۆریش بەدەست دەخات لەڕێی بەبازارکردنەوە[١٦]"، "بۆیە گرنگە کۆمپانیا گەشتیاریەکان لەرووی ئامادەکردنی نەخشەی ستراتیجی بە بازارکردن لەسەر ئەم تۆڕانە چەند هەنگاوێك بگرنەبەر لەوانە: (هەڵبژاردنی ئەو تۆڕانەی

(١٠) Nielsen. (Global trust in advertising and brand messages), ٢٠١٢. (Retrieved from http://www.nielsen.com/us/ en/insights/reports-downloads/٢٠١٢/global-trust-inadvertising-and-brand-messages.html).

(١١) Xiang, Z., & Gretzel, U. (٢٠١٠). (Role of social media in online travel information search), (*Tourism Management*, ٣١(٢), ١٧٩–١٨٨. doi:١٠.١٠١٦/j.tourman.٢٠٠٩.٠٢.٠١٦).

(١٢) Walden, P., Carlsson, C., & Papageorgiou, A. (Travel information search – The presence of social media), (In ٢٠١٣ ٤٦*th Hawaii International Conference on System Sciences* (Vol. ٠, pp. ١–١٠). Los Alamitos, CA, USA: IEEE Computer Society. doi:١٠.١١٠٩/HICSS.٢٠١١.٤٥٨).

(١٣) Marianna Sigala, Evangelos Christou, Ulrike Gretzel. (Social Media in Travel, Tourism and Hospitality), (London: Ashgate publishing Limited, ٢٠١٢).

(١٤) Daniel Leung, Rob Law, Hubert van Hoof & Dimitrios Buhalis. (Social Media in Tourism and Hospitality),(Journal of Travel & Tourism Marketing, Vol. ٣٠, Issue ١-٢, ٢٠١٣), p:٣-٢٢.

(١٥) Assaad, Waad; Jorge Marx Gomez. (Social Network in marketing-Social Media Marketing- Opportunities and Risks), ٢ (١). Retrieved ٧ February ٢٠١٣.

(١٦) Bowden, J. (n.d.). (The Impact of Social Media Marketing Trends on Digital Marketing), Retrieved November ٢٣, ٢٠١٤, from http://www.socialmediatoday.com/content/impact-social-media-marketing-trends-digital-marketing.

**کەزۆرترین بەکارهێنانیان هەیە لەلایەن جەماوەرەوە، پێناسەکردنی پلانی دارایی، دیاریکردنی هەیکەلی ڕێکخراوی کارگێری تۆڕ لەبازاردا، بانگەشە بۆ بەرهەم وخزمەتگوزاریەکانو پێوانەی بە جێگەیاندنیان)[١٧]".**

**لەکۆتاییدا مەبەستی کۆمپانیا گەشتیاریەکان لەبەبازارکردنی گەشتیاری لەسەر سۆشیاڵ میدیا لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەخەینە ڕوو:**

**١. بلاْوکردنەوەی خزمەتگوزاری گەشتیاری.**

**٢. ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران.**

**٣. هاندانی گەشتیاران بۆ بەشداری لەخزمەتگوزاریەکاندا.**

**٤. دروستکردنی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ گەشتیاران.**

**٥. بەشداریکردنی گەشتیاران لەخزمەتگوزاریە گەشتیاریەکان.**

**بەشی سێیەم: ئەنجامی پراکتیکی وتاقیکردنەوەی گریمانەکانی توێژینەوەکە -**

**لەم بەشەدا ئەنجامی پراکتیکی توێژینەوە دەخرێتەڕوو کەنمایشی وەلاْمی سامپڵ دەکات، هەروەها شیکردنەوەی تاقیکردنەوەی گریمانەکان.**

- **تایبەتمەندیی دیموگرافی سامپڵی توێژینەوە:**

| خشتەی (٢) تایبەتمەندی دیموگرافی سامپڵی توێژینەوە | | | |
|---|---|---|---|
| تایبەتمەندیی دیموگرافی | برگەکان | پاتبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| توخم | نێر | ٩٥ | ٥٥.٩ |
| | مێ | ٧٥ | ٤٤.١ |
| تەمەن | ٢٦ ساڵ بۆ ٣٥ ساڵ | ٤٢ | ٣٣.٥ |
| | لە ٣٦ ساڵ بۆ ٤٥ ساڵ | ٥٧ | ٣٣.٥ |
| | لە ٤٥ ساڵ بۆ ٥٥ ساڵ | ٤٠ | ٣٣.٥ |
| | لە ٥٦ ساڵ بۆ ٦٥ ساڵ | ٣١ | ٣٣.٥ |
| بڕوانامە | دبلۆم | ٧٧ | ٤٥.٣ |
| | بەکالۆریۆس | ٩٣ | ٥٤.٧ |
| پسپۆڕی | عەرەبی | ١٦ | ٩.٤ |
| | کوردی | ٢٨ | ١٦.٥ |
| | بیرکاری | ٢٨ | ١٦.٥ |
| | زانست | ٢٢ | ١٢.٩ |
| | کۆمەلاْیەتی | ٢٤ | ١٤.١ |
| | ئینگلیزی | ٣٧ | ٢١.٨ |
| | هونەر | ٨ | ٤.٧ |
| | وەرزش | ٧ | ٤.١ |

(١٧) D'Andrea Alessia, Ferri Fernando, Grifoni Patrizia. (SNeM٢S: a Social Network Model for Marketing Strategies in International journal of e-business development), (Hong Kong: The World Academic Publishing Co, Limited, ٢٠١٢).

| | | | |
|---|---|---|---|
| داهاتی مانگانە | کەمتر لە ٧٥٠.٠٠٠ دیناری عێراقی | ٤٠ | ٢٣.٥ |
| | لە ٧٥٠.٠٠٠ بۆ کەمتر لە ١.٠٠٠.٠٠٠ دیناری عێراقی | ٨٤ | ٤٩.٤ |
| | لە ١.٠٠٠.٠٠٠ دیناری عێراقی بەرەو ژور | ٤٦ | ٢٧.١ |
| کۆی گشتی | | ١٧٠ | ١٠٠ |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (٢) ژمارەی فۆرمی دابەشکراو کە(١٧٠) فۆرم بوون، لەروی ڕەگەزەوە بەشێوەی (٩٥) نێر و (٧٥) مێ پڕکراونەتەوە و وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە، بەڵام سەبارەت بەتەمەن دەستەی (٢٦ ساڵ بۆ ٣٥ ساڵ)، (٤٢) کەس، دەستەی (٣٦ ساڵ بۆ ٤٥ ساڵ)، (٥٧) کەس، دەستەی (٤٥ ساڵ بۆ ٥٥ ساڵ)، (٤٠) کەس، دەستەی (٥٦ ساڵ بۆ ٦٥ ساڵ)، (٣١) کەس بوون، گەورەترین دەستەی تەمەن(٥٧) کەسە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ لاوێتی مامۆستایانی بنەڕەتی، خوێندنەوەیەکی ئەرێنی بەرجەستە دەکات، وەلێ لەرووی بڕوانامەوە هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆم، (٧٧) کەس، بەکالۆریۆس، (٩٣) کەس بوون، بەهەمان شێوە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی گرنگییەکی باش دراوە بەئاستی خوێندنی مامۆستایان. بەڵام لەرووی پسپۆڕییەوە بەرزترین ڕێژە بواری پسپۆری(ئینگلیزی) تۆماری کردووە، ئینجا هەردوو بواری (کوردی، بیرکاری) بەدوای ئەودا دێن، دواتر بەشێوەیەکی زنجیرەیی پسپۆڕیەکانی کۆمەڵایەتی، عەرەبی، هونەر دێن، کەچی پسپۆری وەرزش کەمترین ئامادەبوونیان تۆمار کردووە. وەلێ سەبارەت بەداهاتی مانگانەی مامۆستایان لەسێ خانەی(باش‌و مام ناوەندو زۆرباش) ریزبەند کراوە، بەرزترین ڕێژە، خاوەن داهاتی(مام ناوەند - ٨٤) تۆماریان کردووە، ئینجا (زۆرباش -٤٦) لەپلەی دووەم دا، (باش – ٤٠) بۆ سێیەم ئاست، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی(٢).

- وەڵامی سامپڵی توێژینەوە:

١. بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا: بەپێی ئەنجامی خشتەی(٣) ئەو مامۆستایانەی کە بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە و سۆشیاڵ میدیا بەکار ئەهێنن ژمارەیان (١١٩) کەسە، وەلێ (٥١) مامۆستا بەکاری ناهێنن کەرێژەی لەسەدا(٣٠) سامپڵی توێژینەوەکە دەگرنەوە، ئەمەش دەبێتە جێی تێڕامانی توێژەران کەلەئەمرۆی جیهانی زانیاریدا توێژێکی گرنگی کۆمەڵەکەمان سەروکاری لەگەڵ سۆشیاڵ میدیادا نەبێت وبەکاری نەهێنێت.

| خشتەی (٣) بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا | | |
|---|---|---|
| ئەگەرەکان | پاتبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| بەڵێ | ١١٩ | ٧٠ |
| نەخێر | ٥١ | ٣٠ |
| کۆی گشتی | ١٧٠ | ١٠٠ |

٢. هۆکارەکانی بەکارنەهێنانی سۆشیاڵ میدیا: سەبارەت بە هۆکارەکانی بەکارنەهێنانی سۆشیاڵ میدیا نەبوونی کات لەلای مامۆستایانی بنەڕەتی پلەی یەکەمی بە دەستهێناوە، بەرێژەی لەسەدا (٤١.٢)، (١٤)کەسیش بەشیاوی نازانێت سۆشیاڵ میدیا بەکار بهێنێت، کەچی (٩) کەس نازانن بەکاری بهێنن!، (٧) کەسیش سەرقاڵی بەکارهێنانی جۆرەکانی تری میدیان، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی(٤).

| خشتەی (٤) هۆکاری بەکارنەهێنانی سۆشیاڵ میدیا | | |
|---|---|---|
| ئەگەرەکان | پاتبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| کاتم نییە | ٢١ | ٤١.٢ |
| بەشیاوی نازانم | ١٤ | ٢٧.٥ |
| نازانم بەکاری بهێنم | ٩ | ١٧.٦ |
| میدیاکانی دیکە بەکاردەهینم | ٧ | ١٣.٧ |
| کۆی گشتی | ٥١ | ١٠٠ |

٣. ئاستی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا: لەرووی تۆڕەکانی بەیەك گەیشتنی کۆمەڵایەتییەوە و لەرەوشی بەردەوامیدا بەرزترین ئاست(٦٩) پاتبوونەوەی تۆمارکردووە، لەهەندێکجاردا(٣٠) پاتبوونەوە، لەهەرگیزدا (٢٠) پاتبوونەوە، وەڵێ ماڵپەرە ئەلکترۆنییەکان بەپلەی دووەم دێت، لەرەوشی بەردەوامیدا (٦٠) پاتبوونەوەی تۆمارکردووە، کەچی لەهەندێکجاردا(٣٤) پاتبوونەوە، لە هەرگیزدا (٢٥) پاتبوونەوە، ئینجا تۆڕەکانی ڤیدیۆ بەپلەی سێیەم دێت لە رەوشی بەردەوامیدا، وەڵێ دابەزیوە بۆ(٤٤) پاتبوونەوە، لەکاتێکدا لەرەوشی هەندێکجاردا (٣٥) پاتبوونەوەیە، لە هەرگیزدا (٤٠) پاتبوونەوەی تۆمارکردووە. بەڵام ئینستگرام لەرەوشی بەردەوامیدا (٢٤) پاتبونەوەی تۆمارکردووە، لە کاتێکدا لەرەوشی هەندێکجاردا (٤٢) پاتبوونەوەیە، لەو ریزبەندیەدا بەپلەی یەکەم دێت، وەڵێ لەرەوشی هەرگیزدا (٥٣) پاتبوونەوەی تۆمارکردووە. کەچی بلۆگەر لەدوا پلەی رەوشی بەردەوامی دێت، تەنها(١١)پاتبونەوەی تۆمار کردووە، بەڵام لەرەوشی هەندێکجاردا(٤٠) پاتبونەوەی تۆمارکردووە، لەرەوشی هەرگیزدا (٦٨) پاتبوونەوەی تۆمار کردووە، بەپلەی یەکەم دێت، بۆ زانیاری زیاتر بروانە خشتەی(٥).

| خشتەی (٥) ئاستی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بڕگە | بەردەوام | | هەندێکجار | | هەرگیز | |
| | پاتبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پاتبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پاتبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| ماڵپەرە ئەلیکترۆنیەکان | ٦٠ | ٢٨.٨ | ٣٤ | ١٨.٨ | ٢٥ | ١٢.٢ |
| تۆڕەکانی گەیاندنی کۆمەڵایەتی | ٦٩ | ٣٣.٢ | ٣٠ | ١٦.٦ | ٢٠ | ٩.٧ |
| تۆڕەکانی ڤیدیۆ | ٤٤ | ٢١.٢ | ٣٥ | ١٩.٣ | ٤٠ | ١٩.٤ |
| بلۆگەر | ١١ | ٥.٣ | ٤٠ | ٢٢.١ | ٦٨ | ٣٣ |
| ئینستگرام | ٢٤ | ١١.٥ | ٤٢ | ٢٣.٢ | ٥٣ | ٢٥.٧ |
| کۆی گشتی* | ٢٠٨ | ١٠٠ | ١٨١ | ١٠٠ | ٢٠٦ | ١٠٠ |

٣. هۆکارەکانی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا: بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا بۆ گەشتن بەچەند مەرامێکە کە لەچەند بڕگەیەکدا ئاماژەی پێدراوە: بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی وپەروەردەیی لەپلەی یەکەمدا هاتووە، بەڵام ئاشنابون بە زانیاری ورِوداوەکان لەپلەی دووەم، دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەپلەی سێیەم، کەچی بەئاگابون لە خزمەتگوزاری گەشتیاری پلەی چوارەمی تۆمارکردووە، لەکاتێکدا خستنەڕووی بابەت وچالاکیەکان پلەی پێنجەم و دوا پلە ناردن و وەڵامدانەوەی نامەکان تۆماری کردووە، بۆ زانیاری زیاتر بروانە خشتەی(٦).

* زیادبوونی کۆی ژمارەکان بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە مامۆستایان بۆیان هەبوو لەبژاردەیەك زیاتر دیاری بکەن

| خشتەی (٦) هۆکارەکانی بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا | | |
|---|---|---|
| ئەگەرەکان | پاتبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پەروەردەیی | ٣٨ | ٣١.٩ |
| ئاشنابون بەزانیاری و ڕوداوەکان | ٢٧ | ٢٢.٧ |
| بەئاگابون لەخزمەتگوزاری گەشتیاری | ١٥ | ١٢.٦ |
| دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی | ١٨ | ١٥.١ |
| ناردن و وەڵامدانەوەی نامەکان | ١٠ | ٨.٤ |
| خستنەڕووی بابەت وچالاکیەکان | ١١ | ٩.٣ |
| کۆی گشتی | ١١٩ | ١٠٠ |

٤. **چۆنێتی بەکارهێنانی ڕۆژانەی سۆشیاڵ میدیا:** کات گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە، دابەشکردنی ڕۆژانەی کات فرە پێویستە، تەرخانکردنی ماوەیەکی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك لەگەشتن بەئاوات وئامانج نزیك و نزیکترمان دەخاتەوە. ئیتر بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیاش وەك هەر کردەیەکی مرۆڤ پێویستی بەجۆرێك لەرێخستن هەیە، لەم سۆنگەیەوە مامۆستایانی بنەرەتی وەك سامپڵی ئەم توێینەوەیە (٤٩) کەسیان تەنها یەك کاتژمێریان تەرخانکردووە بۆ بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا، پلەی یەکەمی تۆمارکردووە، پلەی دووەمیش کە دوو کاتژمێرسۆشیاڵ میدیا بەکار دەهێنن (٤٥)کەسن، لەکۆی گشتی ڕێژەی (٣٧.٨)لەسەدا تۆمار کردووە، بەڵام پلەی سێیەم (٢٥) کەسن وسێ کاتژمێر سۆشیاڵ میدیا بەکار دەهێنن، بەرێژەی(٢١) لەسەدا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی(٧).

| خشتەی(٧) بەکارهێنانی ڕۆژانەی سۆشیاڵ میدیا | | |
|---|---|---|
| برگەکان | پاتبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| یەك کاتژمێر | ٤٩ | ٤١.٢ |
| دوو کاتژمێر | ٤٥ | ٣٧.٨ |
| سێ کاتژمێر | ٢٥ | ٢١ |
| کۆی گشتی | ١١٩ | ١٠٠ |

٥. **گرنگیدان بەبازارکردنی گەشتیاری لەسەر سۆشیاڵ میدیا:** مامۆستایانی بنەرەتی وەك هەر توێژێکی کۆمەڵایەتی گرنگی بە بازارکردنی گەشتیاری لەسەر سۆشیاڵ میدیا دەدەن ئەو سامپڵەی وەرگیراوە بەئاستی جیاجیا ئەو گرنگییە دیاری ئەکەن، بەپێی ئەنجامی خشتەی (٨)، لەکۆی گشتی(٥٠) کەس لە ڕەوشی هەندێکجار دا ئەو گرنگیدانەیان ئاماژە پێداوە و پلەی یەکەمی تۆمار کردووە، بەڵام لەرەوشی بەردەوامیدا (٣٧) کەسە وبە ڕێژەی(٣١.١) لەسەدا، وەڵێ (٣٢) کەس هەرگیز گرنگی بەبازارکردنی گەشتیاری لەسەر سۆشیاڵ میدیا نادەن، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی(٨).

| خشتەی (٨) گرنگیدان بەبازارکردنی گەشتیاری لەسەر سۆشیاڵ میدیا | | |
|---|---|---|
| بڕگەکان | پاتبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| بەبەردەوامی | ٣٧ | ٣١.١ |
| هەندێکجار | ٥٠ | ٤٢ |
| هەرگیز | ٣٢ | ٢٦.٩ |
| کۆی گشتی | ١١٩ | ١٠٠ |

٦. کۆمپانیا گەشتیاریەکان گرنگی بەبازارکردنی گەشتیاری دەدەن لەسەر سۆشیاڵ میدیا: ڕەنگدانەوەی گرنگیدانی کۆمپانیاکان ئاست وپلەی جیاجیای تۆمارکردووە، لەرەوشی هەندێکجار(٥١) کەسن بەپلەی یەکەم و بەرێژەی(٤٢.٩) لەسەدا، بەلآم ڕەوشی هەرگیز پلەی دووەمی تۆمارکردووە، کەچی ڕەوشی بەردەوامی بەپلەی سێیەم دێت وریژەی(٢٣.٥) لە سەدای تۆمارکردووە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی(٩).

| خشتەی(٩) گرنگیدانی کۆمپانیا گەشتیاریەکان بەبازارکردن لەسەر سۆشیاڵ میدیا | | |
|---|---|---|
| بڕگەکان | پاتبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| بەبەردەوامی | ٢٨ | ٢٣.٥ |
| هەندێکجار | ٥١ | ٤٢.٩ |
| هەرگیز | ٤٠ | ٣٣.٦ |
| کۆی گشتی | ١١٩ | ١٠٠ |

٧. ئاستی گرنگیدان بەرهەمندە جیاوازەکانی بەبازارکردنی گەشتیاری: کۆمپانیا گەشتیاریەکان بۆ ناساندنی کار و چالاکیەکانی خۆیان ڕێگە جۆراوجۆرەکان دەگرنەبەر، وەڵ سۆشیاڵ میدیا وەك هۆکارێکی ئاسان وکەم تێچوو جێگەو پێگەیەکی تایبەتی بۆخۆی دیاریکردووە، کۆمپانیا گەشتیاریەکان گرنگییەکی تایبەتی پێدەدەن وهەروەها گەشتیارانیش بە گشتی ومامۆستایانی بنەڕەتی بەتایبەتی گرنگی پێدەدەن وئەو ڕەوشە لەچەند خاڵێکدا ڕەنگ ئەداتەوە: هەوڵ دان بۆ بەئاگا بوون لەزۆرترین خزمەتگوزاریی گەشتیاریو لە پلەیەکی بەرزدا (٤٩) پاتبونەوەی تۆمارکردووە، بەرێژەی (٢٧.٧) لەسەدا، لەو ریزبەندیەدا بەپلەی یەکەم هاتووە، لەپلەی مامناوەندا(٤٠)پاتبوونەوە، بەپلەیەکی نزم (٣٠) پاتبوونەوە، بەرێژەی(١٥.٨) لەسەدای تۆمارکردووە، هەروەها لە ڕوی گرنگیدان بەبازارکردنی گەشتیاری لەسەر سۆشیاڵ میدیا لەپلەیەکی بەرزدا (٤١) پاتبونەوەی تۆمارکردووە، لەپلەی مامناوەندا (٤٢) پاتبوونەوە، بەرێژەی(١٨.٥) لەسەدا، بەپلەیەکی نزم(٣٦) پاتبوونەوە، بەلآم سەرنج ڕاکێشانی مامۆستا بەبازارکردنی گەشتیاری لەسەر سۆشیاڵ میدیاو لە پلەیەکی بەرزدا(٣٨) پاتبونەوەیە، لەپلەی مامناوەندا (٥٤)پاتبوونەوەی تۆمار کردووە، لەو ریزبەندیەدا بەپلەی یەکەم هاتووە، کەچی بەپلەیەکی نزم(٢٧) پاتبوونەوەی تۆمارکردووە بە ریژەی (١٤.٢) لەسەدا. وەڵ هاندانی مامۆستایان لەلایەن کۆمپانیا گەشتیاریەکان ولەرێی سۆشیاڵ میدیاوە بۆ بەشداریکردن لەبەبازارکردنی گەشتیاریدا، لەپلەیەکی بەرزدا(٢٧) پاتبونەوەی تۆمارکردووە، بەرێژەی(١٥.٢) لەسەدا، لەپلەی مامناوەندا(٤٠)پاتبوونەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کەلەپلەیەکی نزمدا(٥٢) پاتبوونەوەی تۆمارکردووە، بەرێژەی(٢٧.٤) لەسەدا، کەچی کارکردن بۆ دروستکردنی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ کۆمپانیا گەشتیاریەکان لەرێی سۆشیاڵ میدیاوە لەکۆتادا دێت، لەپلەیەکی بەرزدا(٢٢) پاتبونەوەی تۆمارکردووە، بەرێژەی(١٢.٤) لەسەدا، بەلآم لەپلەی مامناوەندا (٥٢) پاتبوونەوە، لەو ریزبەندیەدا بەپلەی دووەم هاتووە، ئەمە لە کاتێکدایە کەلەپلەیەکی نزمدا(٤٥) پاتبوونەوەی تۆمارکردووە، بەرێژەی(٢٣.٧) لەسەدا، بەهەمان شێوە لەو ریزبەندیەدا بەپلەی دووەم هاتووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی(١٠).

خشتەی (١٠) ئاستی گرنگیدان بەرهەمندە جیاوازەکانی بەبازارکردنی گەشتیاری

| ئەگەرەکان | بەپلەیەکی بەرز | | بەپلەیەکی مامناوەند | | بەپلەیەکی نزم | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | پاتبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پاتبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پاتبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| گرنگی بەبازارکردنی گەشتیاری دەدەم لەسەر سۆشیاڵ میدیا | ٤١ | ٢٣.٢ | ٤٢ | ١٨.٥ | ٣٦ | ١٨.٩ |
| بەبازارکردنی گەشتیاری لەسەر سۆشیاڵ میدیا سەرنجم ڕادەکێشێت | ٣٨ | ٢١.٥ | ٥٤ | ٢٣.٧ | ٢٧ | ١٤.٢ |
| کۆمپانیا گەشتیاریەکان لەڕێی سۆشیاڵ میدیاوە هانم دەدەن بۆ بەشداریکردن لەبەبازارکردنی گەشتیاری | ٢٧ | ١٥.٢ | ٤٠ | ١٧.٥ | ٥٢ | ٢٧.٤ |
| کار بۆ دروستکردنی پەیوەندی بەردەوام دەکەم لەگەڵ کۆمپانیا گەشتیاریەکان لەڕێی سۆشیاڵ میدیاوە | ٢٢ | ١٢.٤ | ٥٢ | ٢٢.٨ | ٤٥ | ٢٣.٧ |
| هەوڵ دەدەم لەزۆرترین خزمەتگوزاری گەشتیاری بەئاگابم | ٤٩ | ٢٧.٧ | ٤٠ | ١٧.٥ | ٣٠ | ١٥.٨ |
| کۆی گشتی* | ١٧٧ | ١٠٠ | ٢٢٨ | ١٠٠ | ١٩٠ | ١٠٠ |

٨. ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا لەهاندانی بەبازارکردنی گەشتیاری: بەدەستهێنانی پاکێجی گەشتیاری لە ڕەوشی بەردەوامی(٥٤) پاتبونەوەی تۆمارکردووە، هەروەها لەرەوشی هەندێکجاردا(٤٧) پاتبونەوەیە، لەهەردوو ریز بەندیەکەدا بەپلەی یەکەم هاتووە، بەلاّم لەرەوشی هەرگیزدا(١٨) پاتبونەوەی تۆمارکردووە، بەرێژەی(١٠.٦) لەسەدا، بەلاّم لەروی پەیداکردنی ڤیزەوە لەپلەی دووەمدا دێت، لەرەوشی بەردەوامی(٤٦) پاتبونەوەی تۆمارکردووە، بە رێژەی(٢٨.٩) لەسەدا، هەروەها لەرەوشی هەندێکجاردا(٣٣) پاتبونەوە، کەچی لەرەوشی هەرگیزدا(٤٠) پاتبونەوەی تۆمارکردووە، بە رێژەی(٢٣.٥) لەسەدا، وەڵ سەبارەت بەدابینکردنی ئوتێل، لەرەوشی بەردەوامی(٣١) پاتبونەوەی تۆمارکردووە، هەروەها لەرەوشی هەندێکجاردا (٣٨) پاتبونەوە، کەچی لەرەوشی هەرگیزدا(٥٠) پاتبونەوەی تۆمارکردووە، بەرێژەی(٢٩.٤) لە سەدا، بەلاّم لەرووی پێشکەشکردنی ئاسانکاری بۆپەیداکردنی بلیتی فڕۆکە لەرەوشی بەردەوامی(٢٨) پاتبونەوەی تۆمارکردووە، بەرێژەی(١٧.٦) لەسەدا، لەپلەی کۆتادا هاتووە، هەروەها لەرەوشی هەندێکجاردا(٢٩) پاتبونەوە، کەچی لە رەوشی هەرگیزدا(٦٢) پاتبونەوەی تۆمارکردووە، بەرێژەی(٣٦.٥) لەسەدا، لەریزبەندیەکەدا پلەی یەکەمی وەرگرتووە، بۆ زانیاری زیاتر بروانە خشتەی(١١).

| خشتەی (١١) ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا لەهاندانی بەبازارکردنی گەشتیاری | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| برگەکان | بەردەوام | | هەندێکجار | | هەرگیز | |
| | پاتبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پاتبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پاتبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
| پەیداکردنی ڤیزا | ٤٦ | ٢٨.٩ | ٣٣ | ٢٢.٥ | ٤٠ | ٢٣.٥ |
| ئاسانکاری لەپەیداکردنی بلیتی فڕۆکە | ٢٨ | ١٧.٦ | ٢٩ | ١٩.٧ | ٦٢ | ٣٦.٥ |
| دابینکردنی هۆتێل | ٣١ | ١٩.٥ | ٣٨ | ٢٥.٨ | ٥٠ | ٢٩.٤ |
| بەدەستهێنانی پاکێجی گەشتیاری | ٥٤ | ٣٤ | ٤٧ | ٣٢ | ١٨ | ١٠.٦ |
| کۆی گشتی* | ١٥٩ | ١٠٠ | ١٤٧ | ١٠٠ | ١٧٠ | ١٠٠ |

* زیادبوونی کۆی ژمارەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مامۆستایان بۆیان هەبوو لەبژاردەیەك زیاتر دیاری بکەن.

**تاقیکردنەوەی گریمانەکان:**

**- گریمانەی یەکەم: ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیاوبەبازارکردنی گەشتیاری لای مامۆستایانی بنەڕەت لەپارێزگای سلێمانی هەیە.**

| خشتەی (١٢) هاوکێشەی پەیوەستی (Spearman's rho) پێوانەکردنی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیاوبەبازارکردنی گەشتیاری لای مامۆستایانی بنەڕەت لەپارێزگای سلێمانی ڕوون دەکاتەوە | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا | هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی باوەڕی |
| بەبازارکردنی گەشتیاری | ٠.٩٨٧ | ٦.٣٢٦ | ٤.٩٧٢ | ٠.٠٠٠ |

**ئـــەنجامی خشـــتەی (١٢) نیشـــان دەدات کەهاوکێشـــی پێویســـتی لـــەنێوان بـــەکارهێنانی سۆشـــیاڵ میدیاوبـەبازارکردنی گەشـتیاری لای مامۆسـتایانی بنـەڕەت لـەپارێزگای سـلێمانی هەیـە، بەبـەهای هاوکێشـەی پەیوەسـتی سـپێرمان (٠.٩٨٧) و بەناوەنـدی ژمێرەیـی (٦.٣٢٦) ولادانـی پێـوەری (٤.٩٧٢) وبـەهای ئاسـتی بـاوەڕی (٠.٠٠٠)، کەواتە پەیوەستی ئاماژەداریی ئاماری بوونی هەیە.**

**لێرەدا ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەی یەکەم ئاماژەیە بۆ ئەو ڕاستیەی کەتاکو سامپڵی توێژینـەوە ئاسـت وقەبارەی بەکارهێنانیان بۆ سۆشیاڵ میدیابەرەو زیادبون بڕوان، بێگومان بەبازارکردنی گەشتیاری لـەلایان زیـاتر دەبێت.**

**- گریمانەی دووەم: جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوە لەبەبازارکردنی گەشتیاری هەیە بەپێی: (توخم، تەمەن، بڕوانامە، پسپۆڕی، داهاتی مانگانە).**

| خشتەی (١٣) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوە لەبەبازارکردنی گەشتیاری هەیە بەپێی: (توخم). | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| توخم | پاتبوونەوە | ناوەندی ڕوتب | کۆی ڕوتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی Z | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاستی باوەڕی |
| نێر | ٩٥ | ١٠٠.٢٩ | ٩٥٢٨.٠٠ | -٤.٦٠٢ | ١.٣٢ | ٠.٧٤١ | ٠.٠٠٠ |
| مێ | ٧٥ | ٦٦.٧٦ | ٥٠٠٧.٠٠ | | | | |

**بەپێی ئـەنجامی خشـتەی (١٣) دەردەکـەوێت، کـەجیاوازی ئاماژەکـانی پەیوەنـدی ئامـاریی لـەنێوان سـامپڵی توێژینەوە لەبەبازارکردنی گەشـتیاری هەیـە بـەپێی تـوخم، بەبـەهای ئامـاری تاقیکردنـەوەی (Z) کـە (-٤.٦٠٢) و بەناوەندی ژمێرەیی (١.٣٢) ولادانی پێوەری (٠.٧٤١) وبەئاستی باوەڕی (٠,٠٠٠)، بەڵام لەبەرژەوەنـدی تـوخمی نێـر بە بەهای ناوەندی ڕوتبی (١٠٠.٢٩) بەرانبەر (٦٦.٧٦) بۆ توخمی مێ.**

* زیادبوونی کۆی ژمارەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مامۆستایان بۆیان هەبوو لەبژاردەیەك زیاتر دیاری بکەن.

| تەمەن | پاتبوونەوە | ناوەندی روتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا٢ | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خشتەی (١٤) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا٢) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوە هەیە لەبەبازارکردنی گەشتیاری بەپێی: (تەمەن). | | | | | | | |
| ٢٦ ساڵ بۆ ٣٥ ساڵ | ٤٢ | ٧٣.٠٢ | ٨٣.١٦٣ | ٤.٠١ | ٢.٧٧ | ٣ | ٠.٠٠٠ |
| ٣٦ ساڵ بۆ ٤٥ ساڵ | ٥٧ | ١٢١.٩٦ | | | | | |
| ٤٥ ساڵ بۆ ٥٥ ساڵ | ٤٠ | ٩٢.٧٥ | | | | | |
| ٥٦ ساڵ بۆ ٦٥ ساڵ | ٣١ | ٢٦.٠٠ | | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٤) دەردەکەوێت، کەجیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوە لەبەبازارکردنی گەشتیاری هەیە بەپێی تەمەن، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا٢) کە (٨٣.١٦٣) و بە ناوەندی ژمێرەیی (٤.٠١) ولادانی پێوەری (٢.٧٧) وبەپلەی ئازادی (٣) وئاستی باوەڕی (٠,٠٠٠)، بەڵام لەبەرژەوەندی تەمەنی (٣٦ ساڵ بۆ ٤٥ ساڵ) بەبەهای ناوەندی روتبی (١٢١.٩٦) زیاد لەبەهای ناوەندی روتبی ئاستەکانی دیکەی تەمەن.

| بڕوانامە | پاتبوونەوە | ناوەندی روتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا٢ | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خشتەی (١٥) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا٢) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوە لەبەبازارکردنی گەشتیاری هەیە بەپێی: (بڕوانامە). | | | | | | | |
| دبلۆم | ٧٧ | ١٦٤.٢٤ | ٨.٢٨٢ | ٤.٠٥ | ٢.٥٩ | ١ | ٠.٠١٦ |
| بەکالۆریۆس | ٩٣ | ٨١.٦٩ | | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٥) دەردەکەوێت، کەجیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوە لەبەبازارکردنی گەشتیاری هەیە بەپێی: تەمەن، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا٢) کە (٨.٢٨٢) و بە ناوەندی ژمێرەیی (٤.٠٥) ولادانی پێوەری (٢.٥٩) وبەپلەی ئازادی (١) وئاستی باوەڕی (٠,٠١٦)، بەڵام لەبەرژەوەندی بڕوانامەی دبلۆم بەبەهای ناوەندی روتبی (١٦٤.٢٤) زیاد لەبەهای ناوەندی روتبی بڕوانامەی بەکالۆریۆس.

**خشتەی (١٦) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا٢) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوە لەبەبازارکردنی گەشتیاری هەیە بەپێی: (پسپۆڕی).**

| پسپۆڕی | پاتبوونەوە | ناوەندی ڕوتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا٢ | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| عەرەبی | ١٦ | ٦٥.٥٠ | ١٥٧.٣٥٣ | ٤.٨٨ | ٣.٢٢ | ٧ | ٠.٠٠٠ |
| کوردی | ٢٨ | ٧٨.٥٤ | | | | | |
| بیرکاری | ٢٨ | ١٠٩.٤١ | | | | | |
| زانست | ٢٢ | ١٣٦.٤١ | | | | | |
| کۆمەڵایەتی | ٢٤ | ١٥٥.٦٧ | | | | | |
| ئینگلیزی | ٣٧ | ٢٩.٦٦ | | | | | |
| هونەر | ٨ | ٢٦.٠٠ | | | | | |
| وەرزش | ٧ | ٢٥.٦٢ | | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٦) دەردەکەوێت، کەجیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوە لەبەبازارکردنی گەشتیاری هەیە بەپێی: پسپۆڕی، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا٢) کە (١٥٧.٣٥٣) و بەناوەندی ژمێرەیی (٤.٨٨) ولادانی پێوەری (٣.٢٢) وبەپلەی ئازادی (٧) وئاستی باوەڕی (٠,٠٠٠)، بەڵام لە بەرژەوەندی پسپۆڕی کۆمەڵایەتی بەبەهای ناوەندی ڕوتبی (١٥٥.٦٧) زیاد لەبەهای ناوەندی ڕوتبی پسپۆڕیەکانی دیکە.

**خشتەی (١٧)ئەنجامی تاقیکردنەوەی (کا٢) بۆ جیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوە لەبەبازارکردنی گەشتیاری هەیە بەپێی: (داهاتی مانگانە).**

| داهاتی مانگانە | پاتبوونەوە | ناوەندی ڕوتب | بەهای ئاماری تاقیکردنەوەی کا٢ | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازادی | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەمتر لە ٧٥٠.٠٠٠ دیناری عێراقی | ٤٠ | ٧٢.١٨ | ١٢٧.٣٠٦ | ٣.٨٥ | ٢.٦٠ | ٢ | ٠.٠٠٠ |
| لە ٧٥٠.٠٠٠ بۆ کەمتر لە ١.٠٠٠.٠٠٠ دیناری عێراقی | ٨٤ | ١٢٤.٤٣ | | | | | |
| لە ١.٠٠٠.٠٠٠ دیناری عێراقی بەرەو ژور | ٤٦ | ٢٦.٠٠ | | | | | |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (١٧) دەردەکەوێت، کەجیاوازی ئاماژەکانی پەیوەندی ئاماریی لەنێوان سامپڵی توێژینەوە لەبەبازارکردنی گەشتیاری هەیە بەپێی: داهاتی مانگانە، بەبەهای ئاماری تاقیکردنەوەی (کا٢) کە (١٢٧.٣٠٦) وبەناوەندی ژمێرەیی (٣.٨٥) ولادانی پێوەری (٢.٦٠) وبەپلەی ئازادی (٢) وئاستی باوەڕی (٠,٠٠٠)، بەڵام لە بەرژەوەندی داهاتی مانگانەی (لە ٧٥٠.٠٠٠ بۆ کەمتر لە ١.٠٠٠.٠٠٠ دیناری عێراقی) بەبەهای ناوەندی ڕوتبی (١٢٤.٤٣) زیاد لەبەهای ناوەندی ڕوتبی داهاتەکانی دیکە.

- **دەرئەنجامەکان:**

١. **ڕێژەیەکی بەرچاو لەسامپڵی توێژینەوە سۆشیاڵ میدیا بەکاردەهێنن.**
٢. **بەشی زۆری سامپڵی توێژینەوە دەریدەخەن کەکۆمپانیا گەشتیاریەکان گرنگی بەبڵاوکردنەوەی خزمەتگوزاری گەشتیاری دەدەن لەسەر سۆشیاڵ میدیا.**
٣. **مامۆستایان چاودێری کۆمپانیا گەشتیاریەکان دەکەن لەبڵاوکردنەوەی خزمەتگوزای گەشتیاری لەسەر سۆشیاڵ میدیا.**
٤. **جیاوازی بەرچاو لەنێوان سامپڵی توێژینەوەکەدا بەرجەستەبووە بەپێی تایبەتمەندییە دیموگرافییە دیاریکراوەکان سەبارەت بەڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا لەبەبازارکردنی گەشتیاریدا.**

**ڕاسپاردە:**

١. **کۆمپانیا گەشتیاریەکان خزمەتگوزاری گەشتیاری لەسەر سۆشیاڵ میدیابڵاوبکەنەوە بەجۆرێك کەبگونجێت لەگەڵ ئاستی بەرەو پێشچونی گەشتیاری لەهەرێمی کوردستان.**
٢. **کۆمپانیا گەشتیاریەکان لەهەرێمی کوردستاندا گرنگی زیاتر بدەن بەبازارکردنی گەشتیاری بەپشت بەستن بەسۆشیاڵ میدیا.**

**پێشنیار: ئەنجامدانی توێژینەوە لەم ڕەهەندانەوە:**

١. **کاریگەری سۆشیاڵ میدیا لەسەرهۆشیاری گەشتیاری لای گەنجان لەهەرێمی کوردستان.**
٢. **کارکردن لەسەر ڕەهەندە جیاوازەکانی خزمەتگوزاری گەشتیاری وچۆنێتی بڵاوکردنەوەی لەسەر سۆشیاڵ میدیا.**

**- سەرچاوەکان:**

**- سەرچاوە عەرەبیەکان:**

١. **محسن خضيري**، (**التسويق السياحي**)، (**القاهرة: مكتبة مدبولي، ١٩٩٠**).
٢. **توفيق عبدالمحسن**، (**التسويق**)، (**القاهرة: دار النهضة للنشر والتوزيع، ٢٠٠١**).
٣. **صبري عبدالسميع**، (**أصول التسويق السياحي**)، (**القاهرة: دار الهاني للنشر، ٢٠٠٣**).

- سەرچاوەی ئینگلیزی:

**أ. کتێب.**

١ Marianna Sigala, Evangelos Christou, Ulrike Gretzel. (Social Media in Travel, Tourism and Hospitality), (London: Ashgate publishing Limited, ٢٠١٢).

**ب. توێژینەوەی بڵاوکراوە.**

٢ D'Andrea Alessia, Ferri Fernando, Grifoni Patrizia. (SNeM٢S: a Social Network Model for Marketing Strategies in International journal of e-business development), (Hong Kong: The World Academic Publishing Co, Limited, ٢٠١٢).

٣ Assaad, Waad; Jorge Marx Gomez. (Social Network in marketing-Social Media Marketing- Opportunities and Risks), ٢ (١). Retrieved ٧ February ٢٠١٣.

٤ Bowden, J. (n.d.). (The Impact of Social Media Marketing Trends on Digital Marketing), Retrieved November ٢٣, ٢٠١٤, from http://www.Socialmedia today.com/content/impact-social-media marketing -trends-digital-marketing

٥ Daniel Leung, Rob Law, Hubert van Hoof & Dimitrios Buhalis. (Social Media in Tourism and Hospitality),(Journal of Travel & Tourism Marketing, Vol. ٣٠, Issue ١-٢, ٢٠١٣), p:٣-٢٢.

٦ Kaplan Andreas M., Haenlein Michael. (Users of the world, unite! The challenges and opportunities of social media), (Indiana: Business Horizons, Volume ٥٣, Issue ١, January–February ٢٠١٠), p. ٦١.

٧ Mozfi Al-Amyan. (Tourism Marketing Strategy Case Study: Aqaba SpecialEconomic Zone), (International Business and Management, Vol. ٦, No. ١, ٢٠١٣), pp:٤٧-٥٠

٨ Nielsen. (Global trust in advertising and brand messages), ٢٠١٢. (Retrieved from http://www.nielsen.com/us/en/insights/reports-downloads/٢٠١٢/global-trust-inadvertising-and-brand-messages.html).

٩ Trattner, C., Kappe, F. (Social Stream Marketing on Facebook: A Case Study), (International Journal of Social and Humanistic Computing, ٢ (١/٢) ٢٠١٣).

١٠ Walden, P., Carlsson, C., & Papageorgiou, A. (Travel information search – The presence of social media), (In ٢٠١٣ ٤٦th Hawaii International Conference on System Sciences (Vol. ٠, pp. ١–١٠). Los Alamitos, CA, USA: IEEE Computer Society. doi:١٠.١١٠٩/HICSS.٢٠١١.٤٥٨).

١١ Xiang, Z., & Gretzel, U. (٢٠١٠). (Role of social media in online travel information search), (*Tourism Management*, ٣١(٢), ١٧٩–١٨٨. doi:١٠.١٠١٦/j.tourman.٢٠٠٩.٠٢.٠١٦).

**فۆرمی ڕاپرسی دەربارەی**

**(ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا لەبەبازارکردنی گەشتیاری لای مامۆستایانی بنەڕەتی لەپارێزگای سلێمانی)**

**وەڵامی پەسەند بەنیشانەی ( √ ) بۆ ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە هەڵبژێرە:**

**یەکەم: تایبەتمەندی دیموگرافی.**

**توخم؟** (           ).

**تەمەن؟** (           ).

**بڕوانامە؟** (           ).

**پسپۆڕی؟** (           ).

**داهاتی مانگانە؟** (           ).

**دووەم: بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا.**

**پ١: ئایا سۆشیاڵ میدیا بەکاردێنیت؟**

- **بەڵێ** (           ) **تکایە بڕۆ بۆ پرسیاری سێیەم.**
- **نەخێر** (           ) **تکایە بڕۆ بۆ پرسیاری دووەم.**

**پ٢: ئەگەر وەڵامەکەت نەخێرە بۆچی؟**

.............................................................................................................................

**پ٣: ئاستی بەکارهێنانت چەندە بۆ ئەم جۆرانەی سۆشیاڵ میدیا؟**

***دەتوانیت لەیەك برگە زیاتر هەڵبژێریت***

| برگە | بەردەوام | هەندێکجار | هەرگیز |
|---|---|---|---|
| ماڵپەڕەکانی هەواڵ | | | |
| تۆڕەکانی گەیاندنی کۆمەڵایەتی | | | |
| تۆڕەکانی ڤیدیۆ | | | |
| بلۆگەر | | | |
| ئینستگرام | | | |
| دیکە: .................. | | | |

**پ٤: هۆکاری بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا چیە لای تۆ؟**

***دەتوانیت لەیەك هۆکار زیاتر ئاماژە پێبدەیت***

- **بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پەروەردەیی** (           ).
- **ئاشنابون بەزانیاری و ڕوداوەکان** (           ).
- **بەئاگابون لەخزمەتگوزاریی گەشتیاری** (           ).
- **دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی** (           ).
- **ناردن و وەڵامدانەوەی نامەکان** (           ).
- **خستنەڕووی بابەت وچالاکیەکان** (           ).

- دیکە: ............................... (                    ).

پ٥: ڕۆژانە چەند کاتژمێر سۆشیاڵ میدیا بەکاردەهێنیت؟

- یەك کاتژمێر (                    ).
- دوو کاتژمێر (                    ).
- سێ کاتژمێر (                    ).
- چوار کاتژمێر وزیاتر (                    ).

سێیەم: بەبازارکردنی گەشتیاری وسۆشیاڵ میدیا.

پ٦: ئایا گرنگی بەبازارکردنی گەشتیاری دەدەیت لەسەر سۆشیاڵ میدیا؟

- بەبەردەوامی (                    ).
- هەندێکجار (                    ).
- هەرگیز (                    ).

پ٧: بەڕای تۆ کۆمپانیا گەشتیاریەکان گرنگی بەبازارکردنی گەشتیاری دەدەن لەسەر سۆشیاڵ میدیا؟

- بەبەردەوامی (                    ).
- هەندێکجار (                    ).
- هەرگیز (                    ).

پ٨: ڕای خۆت دیاری بکە دەربارەی ئەم ئەگەرانەی لای خوارەوە؟

***دەتوانیت لەیەك ئەگەر زیاتر هەڵبژێریت***

| ئەگەرەکان | بەپلەیەکی بەرز | بەپلەیەکی مامناوەند | بەپلەیەکی نزم |
|---|---|---|---|
| گرنگی بەبازارکردنی گەشتیاری دەدەم لەسەر سۆشیاڵ میدیا | | | |
| بەبازارکردنی گەشتیاری لەسەر سۆشیاڵ میدیا سەرنجم ڕادەکێشێت | | | |
| کۆمپانیا گەشتیاریەکان لەڕێی سۆشیال مێدیاوە هانم دەدەن بۆ بەشداریکردن لەبەبازارکردنی گەشتیاری | | | |
| کار بۆ دروستکردنی پەیوەندی بەردەوام دەکەم لەگەڵ کۆمپانیا گەشتیاریەکان لەڕێی سۆشیال مێدیاوە | | | |
| هەوڵ دەدەم لەزۆرترین خزمەتگوزاری گەشتیاری بەئاگابم | | | |
| دیکە: ......................................... | | | |

پ٩: ئایا سۆشیاڵ میدیا توانیویەتی ڕۆڵ بگێڕێت لەهاندانی بەبازارکردنی گەشتیاریدا لای تۆ؟

*دەتوانیت لەیەك برگە زیاتر هەڵبژێریت*

| برگە | بەردەوام | هەندێکجار | هەرگیز |
|---|---|---|---|
| پەیداکردنی ڤیزا | | | |
| ئاسانکاری لەپەیداکردنی بلیتی فڕۆکە | | | |
| دابینکردنی هۆتێل | | | |
| بەدەستهێنانی پاکێجی گەشتیاری | | | |
| دیکە: ................................ | | | |

**ملخص البحث:**

**تهدف هذا البحث إلى معرفة الدور اذي تقوم بها الإعلام الاجتماعي في التسويق السياحي لدى معلمي المرحلة الأساسية في محافظة السليمانية، وهذا البحث من البحوث الوصفية الذي يعتمد على منهج المسح لعينة ميدانية بلغت (١٧٠) مفردة من معلمي المرحلة الأساسية في محافظة السليمانية من خلال أستمارة الاستبيان لجمع البيانات والوصول إلى نتائج علمية تتعلق بتساؤلات وفروض البحث. وتوصل البحث إلى عدة نتائج من أهمها: وجود علاقة ارتباطية ذات دلالة احصائية بين استخدام الإعلام الاجتماعي والتسويق السياحي لدى معلمي المرحلة الأساسية في محافظة السليمانية، وجود فروق فردية بين المبحوثين حول التسويق السياحي لديهم وفق المتغيرات الديموغرافية: (النوع لصالح الذكور، والعمر لصالح الفئة العمرية ما بين ٣٦ سنة إلى ٤٥ سنة، والشهادة لصالح الدبلوم والتخصص لصالح العلوم الاجتماعية والدخل الشهري لصالح من ٧٥٠.٠٠٠ إلى ١.٠٠٠.٠٠٠ دينار عيراقي).**

## -ABSTACT:

This study aims to find out the role played by social media in tourism marketing with the teachers of the basic stage in the province of Sulaymania, and this study of descriptive studies that rely on curriculum survey field for a sample of (170) Single teachers fundamental stage in the province of Sulaymania through a questionnaire tool data collection and access to scientific results and with questions related to the study hypotheses. The study found several results of the most important: there is a statistically significant correlation between the use of social media and marketing tourism to the teachers of the basic stage in the province of Sulaymania, and there are individual differences among respondents about the tourism marketing have according to demographic variables: (type in favor of males, and age for the age group between 36 years to 45 years, and for the benefit of certificate and diploma of specialization in favor of social monthly income for the benefit of 750,000 to 1,000,000 Iraqi Dinar).